# گۆرانی(فەنابوون)ی بەهجەت یەحیا

# پلەی یەکەمی بەدەستهێنا

**ئا : هارمۆنی**

لەدوای ئەنجامدانی راپرسییەك کە رۆژنامەی هارمۆنی بۆ ئەلبومی(فەنابوون)ی هونەرمەندی گۆرانیبێژ بەهجەت یەحیا لەناو سەرجەم چینو توێژەکانی کۆمەڵدا ئەنجامیدا، گۆرانی(فەنابوون)کە یەکەم گۆرانی ئەلبومەکەی ناوبراوە، توانی لە سەدا پەنجاوسێی دەنگەکانی ئەو راپرسییە بۆ خۆی کۆ بکاتەوە و پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت.

هارمۆنی بە باشی زانی بۆ تاوتوێکردنی ناوەرۆکی ئەو گۆرانییە دیدی موزیکژەنێکی ئەکادیمی وەربگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش هونەرمەندی موزیکژەن (زۆزك قەرەداغی) ژەنیاری ئامێری کەمانچە، توانی شیکاری ئەو گۆرانییە بۆ خوێنەرانی هارمۆنی روونبکاتەوە.

زۆزك هۆکاری سەرکەوتنی ئەو گۆرانییە بۆ چەند فاکتەرێك دەگێرێتەوە کە بەرای ئەو، هۆنراوەکەو ئاوازی گۆرانییەکە ئاڵۆز نییەو هەرکۆپلەیەکی لە چەند دێرێك هۆنراوە پێکهاتووەو کۆپلەکانی تریشی هەر هەمان ئاوازو موزیکن کە دووبارە دەبنەوەو هۆنراوەکەی دەگۆرێت.

ناوبراو پێیوایە، کە کاتی گۆرانییەکەش بۆ گوێگری کورد گونجاوەو دەتوانن خێرا لەبەری بکەن.

قەرەداغی، بەشێکی تری سەرکەوتنی گۆرانییەکە دەگەرێنێتەوە بۆ ئەوەی کە یەکەم گۆرانی سیدییەکەی بەهجەتەو وتی:"جگە لەوەش هونەرمەند توانیویەتی پڕ بەدڵو سەدای خۆیەوە ئاوازەکە دەربرێت".

لە بەشێکی تری ئەو شیکارییەی موزیسیان زۆزك بۆ ئەو گۆرانییەی کردووە ئەوە ئاشکرا دەکات کە بەهجەت، توانیویەتی ئاوازی گۆرانییەکە پڕ بە توانای میکانیزمی دەنگی خۆی دروست بکات، کە وەك ئەو، باسیدەکات لە هیچ جێگایەکی ئاوازەکەدا هەست بە هیلاکیو نارەحەتیی دەنگی گۆرانیبێژ ناکرێت.

بە بۆچوونی ئەم موزیسیانە، بەهجەت، لەرووی موزیکیشەوە توانیویەتی تارادەیەکی باش فۆرمێکی نزیك لەگەڵ ریتمی گۆرانییەکەدا پێکبهێنێتو موزیك لەناوەراستی هەردوو تیتراکۆرد(چواریلە)ی پەیژەی گۆرانییەکەدا بگاتە ترۆپك، بۆیە وەك زۆزك دەڵێت :"ئەم دەربرینانە زیاتر لە موزیکی ئۆرکێسترای سیمفۆنیدا تەواو روون و ئاشکرایە"، هەروەها ئاماژەش بەوە دەکات کە موزیکژەن(کارزان مەحمود)یش خزمەتێکی جوانی بە موزیکەکە کردووە.

پەیژەی گۆرانییەکە

مەقامی ئەفشار لەدەنگی ( فا کاردێز )ەوە



تێبینی :

★ لە نوسینەوە و شیکردنەوەی گۆرانیدا گرنگ نییە پەیژەکەی دەقاودەق لەو جێگەیەوە بنوسرێتەوە کە گۆرانیبێژ وتویەتی ، باش وایە لە جێگەیەکی گشتییەوە ناونوس بکرێت کە بۆ دەنگ و ئامێری میللیی گونجاوبێت .

★ دەنگی سەرەکی پەیژەی گۆرانییەکە ( سەنتەری تۆناڵیی ) دەنگی فا کاردێزە ، دەچێتە چواریلەی نەهاوەند ( ماینەر)یشەوە لە دەنگی( لا )وە کە سێهەم دەنگی پەیژە سەرەکییەکەیە ، ئەم چواریلەیە دەکەوێتە ئاوازی گۆرانییەکەوە، بەڵام ئەگەر پەیژەی هەوشار بەگشتی شیبکەینەوە، ئەوا چواریلەکانی ( سێگا ، عەجەم ، نەهاوەند ، کورد ، عەجومی عوشەیران ) ی تێدایە ، کە گۆرانیبێژ سەربەستە لەرستە دانراوەکانیدا بەمەرجێك دەبێت کەسایەتی هەوشار بپارێزێت و کە پەیژەشی گۆریی دەبێت بچێتە ناو ئەو چواریلانەی کە باسمکرد لەناو هەوشاردا هەن و دوابەدوای یەکتریی تەواوکەری پەیژەکەن ، لێرەدا ئەگەر گۆرانیبێژ شارەزای ئەو تیۆرانە بێت دەتوانێت سەنگینترین گۆرانی رۆژهەڵاتی دابنێت .

★ تەنها کۆپلەی یەکەم و دوهەمی نۆتەی گۆرانییەکەم نوسیوەتەوە لەبەر ئەوەی کۆپلەکانی سێهەم و چوارەم دووبارەکردنەوەی ئاوازەکانی کۆپلەی دوهەم و یەکەمە و بەڵام هۆنراوەکەی دەگۆرێت .

★ بۆزیاتر تێگەیشتن لە پەیژە و میانە رۆژهەڵاتییەکان بنوارە کتێبی ( لاپەرەیەك لە بنەماکانی موزیکی کوردیی - ع . ج . سەگرمە ) .






